# Tekoshan No.208

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

**ئادرەسی سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران، لەسەر شەبەكەی جیهانیی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com　كۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com　Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

sazmanikhabat@yahoo.co.nz　Email:Sazmanikhabat@hotmail.com

نوینەری سلێمانی: ٧٥٠١٠٦٢٣٧٩　٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤　Email: dangikhabat2003@yahoo.com

ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨　كۆرك تیلكۆم: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨

دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩　٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١　pewandi_hawler@yahoo.com

24th Year Number ((208)) 1of Rebandan 2708 Kurdish Colemdar falling no 1387 Hijri I Falling 20th January 2009


# بەرەوسەر چوونی تووشبووان بە نەخۆشی ئیدز



رۆژنامەی ریسالەت لە بەرەو سەرچوونی تووشبووان بە ئیدز لە ئێران هەواڵی دا و نووسیویەتی وەزارەتی بێهداشت بە پێی ئەو ئامارەی لە زانكۆكانی زانستی پزیشكی و خزمەتگوزاری تەندروستی كۆكردوەتەوە، ئاماری ئیدزی تا كۆتایی سێ مانگی سێهەمی ساڵی ١٣٨٧ی ١٨ هەزار و ٨٨١ كەس ڕاگەیاند.

ئەو رۆژنامە نووسیویەتی بە پێی ئەو ڕاپۆرتە لەو ژمارە تووش بووە ٩٣/٥ لەسەدیان پیاون و ٦/٥ لەسەدیان ژنن، و تا ئێستا هەزار و ٧٣٠ كەسی تووش بوو بە ئیدز ناسێندراون و ٢ هەزار ٩٤٥ كەسیان مردوون.

بە پێی ئەو رۆژنامە هۆی تووش بوون بە HIV كە لە ساڵی ١٣٦٥ تا ئێستا تۆمار كراوە، بەكار هێنانی دەرزی هاوبەش ٦٩/٣ لەسەد، پێوەندی جێنسی ٨ لەسەد، وەرگرتنی خوێن ١/٣ لەسەد و گواستنەوە لە دایكەوە بۆ منداڵ ٦/. بووە.

***

# بڵاوكراوەی رۆژهەڵات دووبارە ڕاگیرا




حەوتوونامەی كوردی - فارسی رۆژهەڵات كە لە ١١ی خەزەلوەری ١٣٨٧ لە ناوچە كوردنشینەكانی رێگەی پێ درابوو بۆ جارێكی دیكە بڵاو بكرێتەوە، حوكمی ڕاگرتنی لەلایەن دیوانی بەرزی رژیمەوە بە پێی مادەی ١١ی قانوونی چاپەمەنی رژیم بۆ جارێكی دیكە ڕاگیرا.

بڕیاری ڕاگرتنی بڵاوكردنەوەی رۆژهەڵات لەلایەن عەلیرەزا مەلەكیان بەرێوەبەری هەیئەتی چاودێری لە سەر چاپەمەنیەكان بە عەبدوڵا سۆهرابی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژهەڵات ڕاگەیێندراوە.

مەلەكیان لە نامەی ڕاگیرانی رۆژهەڵات دا نووسیویەتی كە بە پێی ئەو بڕیارەی كە لە ١١ی بەفرانبارەوە لەلایەن هەیئەتی چاودێری لە سەر چاپەمەنی دەرچووە كۆتایی بە تەمەنی كورتی رۆژهەڵات هێندراوە. لەم دەورە نوێیەی رۆژهەڵاتدا تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو كراوەتەوە.

## ووتەی بەنرخ

بۆ دۆزینەوەی هەڵەكانی خۆتان، ماوە بدەن بە كەسانی تر قسەتان لەبارەوە بكەن. "ماروین ئشتون"

هێندیك خەڵك لەترسی مردن خۆ بە كوشتن دەدەن. "ئەسەدئابادی"

ئەوەی چارەنووسمان دیاری دەكات، بارودۆخی ژیانمان نیە، بەڵكوو بڕیارەكانی ئێمەیە. "ئانتولی رابینز"

هەر هەنگاوێك كە زۆر گەورەیە، لەسەرتادا بە شتێكی ئەستەم دەژمێردرێ. "كارلایل"

لە ژیاندا زۆر كەس دەزانن چی بكەن، بەڵام كەمیان كاری پێ دەكەن. ئەگەر وایە زانین كیفایەت نیە، دەبێ كاری پێبكرێ. "ئانتۆنی رابینز"

# ٤ بۆكسیری كوردی كرمانشانی بانگهێشتی تیمی میللی ئێران كران





بە گوێرەی سەرچاوەی هەواڵ لەشاری كرمانشان ٤ بۆكسیری كورد بە ناوەكانی سالار غوڵامی، شەهریار وەیسی، سەعید نورانی و محەممەد مێهدی پوور بانگهێشتی ڕاهێنەكانی تیمی میللی بۆكسی ئێران كراون. ماوەی راهێنانەكانی بۆكسی تیمی میللی لەرۆژی ٢٨ی بەفرانبار تا ١٨ی رێبەندان لەتاران پێتەختی ئێران بەرێوە دەچێت.

لەلایەكی ترەوە تیمی كرمانشان لەچەند رۆژی رابردوو دا، لەكێبركێی بەرز كردنەوەی قورسایی لەنێوان ٢٣ ئوستانی ئێران دا كە لەشیراز بەرێوەچوو، بە ١٣٣ خاڵ پلەی دووهەمی بە دەست هێنا.

# نیشانەییێك بۆ بوونی ژیان لە مەریخ



تویژەرانی ناوەندی لێكۆڵینەوەی ناسا، رادەییێكی زۆر گازی مێتانیان لە ئەتمۆسفێری مێریخ دۆزیوەتەوە. رادەی گازی مێتان بەرەوسەر چووە. بوونی مێتان دەتوانێ هێمایێك بێ بۆ بوونی ژیان لەو كۆرە خاكیەدا. بۆ تویژەرانی ناەندی لێكۆڵینەوەی ناسا روون نییە كە چۆن ئەو رادە گازە مێتانە لە مێریخ دروست بووە. دوربینەكانی رێكخراوی ناسا وێنەگەلێگیان لە هەوری مێتان لە مێریخ كێشاوە كە نزیك بە ١٩ هەزار تەن كێشی هەیە. سەرچاوەی سەرەكی بەرهەم هێنانی ئەو گازە بوونەوەرە گیانلەبەرەكانن، هەر لەبەر ئەوەش ئەگەری بوونی ژیان لەمێریخ بە هێزتر بووە. لێكۆڵەرەوانی ناسا، لە٧ ساڵ لەمەوپێشەوە بە یارمەتی ئامێرە پێشكەوتووەكانی بینین، ئاڵوگۆڕەكانی مێریخیان بەوردی خستۆتە ژێر چاودێرییەوە.

بەرەوسەرچوونی خەستی مێتان لە مێریخ، بۆ یەكەمین جار لەساڵی ٢٠٠٣ی زایینی سەرنجی لێكۆڵەرەوانی بۆ لای خۆی راكێشا. لەكاتێك دا كە بەرهەمهێنەری سەرەكی مێتان بوونەوەرە گیانلەبەرەكانن، ٩٠ لەسەدی مێتانی ئەتمۆسفێری عەرز، سەرچاوەی ژیانی هەیە. دروست بوونی ئەو گازە لە جموجۆڵی باكتریەكان یان لێك بڵاوبوونەوەی ئورگانەكانی زیندەوەرناسیەوەیە. ١٠ لەسەدی پاشماوەی مێتانی عەرز، لە جموجوڵەكانی پێستەی ئەو كۆرە خاكیە وەكوو گەرم بوونی زەویە. لێكۆڵەرەوان لەسەر ئەو گومانەن هۆی دروست بوونی هەوری مێتان لە مێریخ كە لەدووری ٥٦ میلیۆن كیلۆمێتری زەوی جێیی گرتووە، لەگەڵ هۆییەكانی دروست بوونی عەرز یەك دەگرێتەوە، بەو جیاوازیە كە دەرجەی هەوا لەناوچەكە لەنێو مینهای ١٢٥ و موسبەتی ٣٥ دەرجەی سلیسیوس لەگۆران دایە. لێكۆڵەرەوانی ناسا هیواداران بەزووترین كات وەڵامی چۆنیەتی دروست بوونی ئەو رادە لەگازی مێتان لەئەتمۆسفێری كۆرەی مێریخ بدۆزنەوە.

# ڕێكخراوی لاوانی سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران زەروورەتێكی ڕێكخراوەیی ـ تەشكیلاتی

( بابەشێخ )

بە پێی ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران، هەنگاوی گەورە بەرەو پێشكەوتن و گەشە سەندنی زیاتر هەڵدەگرێ و لە هەمان كاتیشدا جێگە و شوێنی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران دیارە و كاریگەر و جەماوەری كوردستان بە تێكڕا و هۆگرانی سازمان چاوەڕوانی كار و پرۆژەی زیاتری لێ دەكەن. جێگەی خۆیەتی رێبەرایەتی سازمان و تێكڕای كادر و دڵسۆزانی سازمان، هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی ناوەند و رێكخراوە جیاجیاكان و سەندیكا و دامەزراوە سیاسیەكان دامەزرێ وبۆ بەرەوپێش بردنی جوڵانەوەی ئازادیخوازی هەنگاو هەڵگرن و كاراییان هەبێ. لە ماوەی ساڵی رابردوودا بە تێكڕا و لە چەند مانگی رابردوو بە تایبەت ژمارەیێك لە كادرە دڵسۆزەكانی سازمان لە ناوخۆی كوردستان و كادرە بەوەج و نیشتمان پەروەر و سازمان خۆشەویستەكان لە وڵاتانی ئوروپایی و لە وڵاتی سوئێد بە تایبەت، پێشنیاری پێك هێنانی رێكخراوی لاوانی سازمانیان كردووە، ماوەیێكیشە لە رێبەرایەتی و بەدەنەی سازمان ئەو باسە گەرمە و دامەزرانی رێكخراوی لاوان بۆتە زەروورەتێك و ئەركێكی حەتمی و پێویست.

بە پێی ئەو باسانە و بۆ باشتر هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی ئەو زەروورەتە بە باشی دەزانم چ لە ناوخۆی كوردستان چ لە دەرەوەی كوردستان هەردڵسۆزێك بە پێی توانا و بەراوردی خۆی، پێشنیار بۆ پێك هێنانی رێكخراوی لاوان لە سازمانی خەبات بخەنە بەردەست. پێویستە هەموو پێكەوە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی بتواندرێ رێكخراوێكی مۆدێڕن و سەردەمیانە پێك بێ كە لە لایەك بتوانێ لاوانی نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕ لە خۆ كۆ بكاتەوە و لە هەمان كاتدا بتوانێ لە ئازارەكان و خەمەكانیان كەم بكاتەوە و رێگە باشەكان بۆ ژیانیان و بەشداری كاریگەریان لە رووداوە سیاسیەكان و خوێندن و فێربوونی عیلم و زانست بە پێ ی توانا بۆ خۆش بكرێ.

دیارە وەك سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران، رێبازی پاك و بێ گەردی كوردایەتی و شۆڕشگێڕی بووە و هەیە، هەر رێكخراو و ناوەندیكی سیاسی و مەدەنی، لە پەراوێز و لە ژێر چاودێری سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران و بە هیمەت و هەوڵی ئەندامانی دامەزرێ، لە خزمەت جوڵانەوەی كورد و زیاتر جۆش دان بەرەوتی ئازادیخوازی و مافخوازی دژی رژیمی ملهۆڕ و كۆرپەرەستی ئاخوندا دەبێ.

جێگەی خۆیەتی هەموو دڵسۆزان، بە تایبەت لاوانی خوێن گەرم بە پێ ی توانا و وەك ئەركێكی نیشتمانی، بۆ سازدان و پێك هێنانی رێكخراوی لاوان لە سازمانی خەباتدا تێ بكۆشن و هەوڵ بدرێ بە بەرنامەی شیاو و كاری جیددی كونفرانسێكی سەرانسەری لاوان بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە ببەسترێ. دەرگا ئاوەڵایە بۆ ئەوەی هەر دڵسۆزێكی ریزەكانی سازمان پێشنیارەكان و بابەتەكانیان لە ووتار و نوسراوە لەو پێوەندەدا، بنێرێ بۆ ئادەرسەكانی سازمان كە ووتارەكان لە ئورگانەكانی سازمانی خەباتدا بڵاو بكرێتەوە.

***